# ئاراستەی گەنجانی هەرێمی کوردستان بەرانبەر ڕۆڵی میدیای کۆمەڵایەتی لە پەرەپێدانی هۆشیاری و ئاکاری ژینگەییدا

**حازم علی رمضان [1]، داستان عمر محمود [2] و بەسیدە حیدر انور [3]**

[1,3] بەشی پەروەردە و دەروونزانی، فەکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق
[2] بەشی باخچەی ساوایان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی ڕاپەڕین، هەرێمی کوردستان، عێراق

## پوختە

لە گەڵ پەرەسەندنی خێرای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و گۆڕانیان بۆ هێزێکی کاریگەری ئاراستەکەر، پرسی پاراستنی ژینگە بووەتە یەکێک لە گرنگترین پرسە جیهانییەکان و یەکێکە لە حەڤدە ئامانجەکەی پەرەپێدانی بەردەوامی نەتەوە یەکگرتووەکان(SDGs) ، کە پێویستی بە هۆشیاریی بەکۆمەڵ هەیە. لەم سۆنگەیەوە، ئەم توێژینەوەیە ئامانجی دەستنیشانکردنی ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە لە پەرەپێدانی هۆشیاری و ئاکاری ژینگەیی لای گەنجانی هەرێمی کوردستان. بۆ ئەم مەبەستە، توێژینەوەکە پشتی بە ئاراستەی چەندایەتی (Quantitative Approach)و میتۆدی پەسنی- شیکاری بە ڕێگەی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بەنمونە بەستووە، تا بێلایەنیی زانستی بپارێزرێت. داتاکان لە ڕێگەی پێوەرێکی تایبەتەوە لەسەر نموونەیەکی هەڕەمەکی کە پێکهاتبو لە (500) گەنج لە چوار پارێزگای هەرێمی کوردستان، کۆکراوەتەوە، لە نێوانیاندا (235) کەس لە ڕەگەزی نێر و (265) کەس لە ڕەگەزی مێ بون. ئەنجامەکان دەریانخست ئاراستەی گەنجان بەرانبەر ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە پەرەپێدانی هۆشیاری و ئاکاری ژینگەییدا لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر کاریگەرییان لەسەر "هۆشیاری" هەیە بەراورد بە "ئاکاری ژینگەیی"، چونکە گۆڕینی ڕەفتار پێویستی بە هۆکاری کەلتوری و ئابوریی قووڵتر هەیە. هەروەها دەرکەوت کە هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان نێر و مێدا نییە، بەڵام گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبون کاریگەریی هەیە؛ بە جۆرێک گەنجانی دهۆک و هەڵەبجە زیاتر هەستیان بە کاریگەریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کردووە بەراورد بە هەولێر و سلێمانی. لە کۆتاییدا، پەیوەندییەکی بەهێز و ئەرێنی لە نێوان هۆشیاری و ئاکاردا بەدی کرا. توێژینەوەکە پێشنیاز دەکات کە دامەزراوەکانی حکومەت و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان فۆرمی پەروەردەیی مۆدێرن لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پەرەپێبدەن و زیاتر تیشک بخەنە سەر ناوەڕۆکی کرداری و پاڵپشتیکردنی دروستکەرانی ناوەڕۆکی ژینگەیی، لەگەڵ ڕەچاوکردنی جیاوازی و پێداویستییە ناوچەییەکانی هەر پارێزگایەک.

**وشە سەرەکییەکان:** تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، هۆشیاریی ژینگەیی، ئاکاری ژینگەیی، تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵناسی ڕاگەیاندن.

## پێشەکی [1]

ئێستا، گۆڕانی کەشوهەوا و مەترسییە ژینگەییەکان ئاڵنگارییەکی گەورەی مرۆڤایەتین، ئەمەش وای کردووە هۆشیاریی ژینگەیی ببێتە پێویستییەکی حەتمی. میدیای کۆمەڵایەتی، شێوازی دەستڕاگەیشتن بە زانیارییە ژینگەییەکانی گۆڕیوە بەتایبەتی لەنێو ئەو گەنجانەی کە زۆربەی کاتەکانیان لەسەر ئەم پلاتفۆرمانە بەسەردەبەن. لە هەرێمی کوردستانیشدا بەهۆی گۆڕانی خێرای تەکنەلۆژیا و بەردەستبونی ئینتەرنێت، گەنجان بە شێوەیەکی بەرفراوان پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن بۆ وەرگرتنی زانیاری. سەرەڕای ئەوەی توێژینەوە جیهانییەکان باس لە کاریگەریی میدیا لەسەر ژینگە دەکەن ، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا کەلێنێکی ڕون هەیە لە توێژینەوەکاندا سەبارەت بەوەی ئەم بەکارهێنانە تەنها لە ئاستی وەرگرتنی زانیاری دایە، یان گەیشتووەتە ئاستی گۆڕینی ئاکاری ژینگەیی؟ توێژینەوە ناوخۆییەکان زۆربەی جار تەنها جەخت لەسەر لایەنی میدیایی دەکەنەوە و کەمتر جەختیانکردۆتە سەر پەیوەندیی نێوان بەکارهێنانی میدیای کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری پراکتیکیی گەنجان بەرانبەر بە ژینگە. ئەم توێژینەوەیە پرسیاری ئەوە دەوروژێنێت: ئایا میدیای کۆمەڵایەتی تا چەند توانیویەتی ئاراستەی گەنجانی کورد بگۆڕێت بەرەو پاراستنی ژینگە؟ ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات ئەو کەلێنە پڕ بکاتەوە لە ڕێگەی شیکردنەوەی ئاراستەی گەنجانی هەرێمی کوردستان بەرانبەر بە ڕۆڵی میدیای کۆمەڵایەتی لە پەرەپێدانی هۆشیاری و ئاکاری ژینگەییدا.

## کێشەی توێژینەوە

[1] . گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی 9، ژمارە 2 (2026)
ڕێککەوتی: وەرگرتن 4 ئایار 2026؛ پەسەندکردن: 28 حوزەیران 2026
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە 10 ئاب 2026 بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: Hazm.ali@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © 2026 حازم علی ڕمضان، داستان عمر محمود و بەسیدە حیدر انور، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp528-539

لەگەڵ پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا و ئاسانبونی دەستگەیشتن بە زانیارییە ژینگەییەکان لە ڕێگەی مێدیای کۆمەڵایەتییەوە، هێشتا هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی ژمارەیەک قەیرانی ژینگەیی گرنگ دەبێتەوە. وەک: کێشەی پاشماوەکان و شێوازی نادروستی ڕیسایکلین، کەمبونەوەی ڕووبەری سەوزایی و بێباکی لە بەکارهێنانی سەرچاوە سروشتییەکان، هەروەها کەمبونەوەی ئاوی سەرزەوی و ژێرزەوی. لەم ڕوانگەیەوە کێشەی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە: لەکاتێکدا گەنجانی هەرێمی کوردستان بەشێکی زۆری کاتەکانیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا بەسەردەبەن، بەڵام دیار نییە ئایا ئەم پلاتفۆرمانە تا چەند توانیویانە هۆشیاریی ژینگەیی لە ئاستی زانیارییەوە بگۆڕن بۆ ئاکار و ڕەفتاری ژینگەیی؟ بە واتایەکی تر زۆرجار گەنجان لە جیهانی سەرهێڵدا وەک لایەنگری ژینگە دەردەکەون، بەڵام لە واقیعدا ڕەفتارەکانیان ڕەنگدانەوەی ئەو هۆشیارییە نییە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بداتەوە:

1. ئاراستەی گەنجان سەبارەت بە ڕۆڵی سۆشیاڵ میدیا (مێدیای کۆمەڵایەتی) لە پەرەپێدانی هۆشیاری و ئاکاری ژینگەیی لە چ ئاستێکدایە؟
2. گۆڕاوی ڕەگەز کاریگەری لە گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە هەیە؟
3. ئاراستەی گەنجان بەرانبەر ڕۆڵی مێدیای کۆمەڵایەتی لە پەرەپێدانی هۆشیاری و ئاکاری ژینگەیی بە پێی گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبون لە پارێزگاکان لە چ ئاستێکدایە؟
4. پەیوەندیی نێوان هۆشیاریی ژینگەیی و ئاکاری ژینگەیی لە چ ئاستێکدایە؟

## گرنگیی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە لەبەر چەند هۆکارێک گرنگە .

یەکەم: ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانستییە بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی مەعریفی لە کتێبخانەی کوردیدا بەتایبەت دەربارەی پەیوەندی نێوان میدیای کۆمەڵایەتی و ئاکاری ژینگەیی. زۆربەی توێژینەوەکان کە لە هەرێمی کوردستان لە لایەن پسپۆڕانی میدیا و ژینگەوە ئەنجام دەدرێت، یان تەنها لایەنی میدیاییان وەرگرتووە، یان تەنها لایەنی ژینگەیی، بەڵام ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی ئاوێتە لەم بابەتە دەکۆڵێتەوە، کە چۆن تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دەبنە ئامرازێک بۆ گۆڕینی بەها ئەخلاقییەکانی مرۆڤ بەرانبەر ژینگە و سروشت لە ڕێگەی گواستنەوەی زانیاری بۆ کردار.

دووەم: ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەبنە داتایەکی گرنگ بۆ دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە و وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان؛ تاوەکو بزانن گەنجانی کوردستان چۆن بیر دەکەنەوە و چ جۆرە پەیامێکی مێدیایی کاریگەرییان لەسەر دروستدەکات. ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت لە داڕشتنی ستراتیژییەک بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی ژینگەیی لە ڕێگەی پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

سێیەم: ڕێکخراوە ژینگەییەکان دەتوانن سود لە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە وەربگرن بۆ ئەوەی هەڵمەتە مێدیاییەکانیان بە شێوەیەک داڕێژن کە لەگەڵ ئارەزو و ئاراستە و بیرکردنەوەی گەنجاندا بگونجێت، لە جیاتی بەکارهێنانی ڕێگەی کلاسیکی کە ڕەنگە بۆ گەنجان سەرنجڕاکێش نەبێت.

چوارەم: لەبەر ئەوەی گەنجان گەورەترین توێژی کۆمەڵگەی کوردین تێگەیشتن لە ئاراستە و بیرکردنەوەکانیان یارمەتیدەر دەبێت لە چاندنی ئاکاری ژینگەیی کە ئەمەش بنەمایەکی سەرەکییە بۆ گەیشتن بە گەشەپێدانی بەردەوام لە هەرێمی کوردستان کە هاوتایە لەگەڵ 17 ئامانجەکەی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە گەشەپێدانی بەردەوام داڕێشتووە.

### ئامانجەکانی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات لە ڕێگەی شیکردنەوەی مەیدانییەوە بگات بەم ئامانجانەی خوارەوە:

یەکەم: پێوانەکردنی ئاراستەی گەنجان سەبارەت بە ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (مێدیای کۆمەڵایەتی) لە پەرەپێدانی هۆشیاری و ئاکاری ژینگەیی بە شێوەیەکی گشتی.

دووەم: دەرخستنی ڕۆڵی گۆڕاوی ڕەگەز لەسەر گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە لای نمونەی توێژینەوەکە.

سێیەم- زانینی ئاستی ئاراستەی گەنجان سەبارەت بە ڕۆڵی مێدیای کۆمەڵایەتی لە پەرەپێدانی هۆشیاری و ئاکاری ژینگەیی بە پێی گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبوون لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان .

چوارەم: دەرخستنی پەیوەندیی نێوان هۆشیاریی ژینگەیی و ئاکاری ژینگەیی لای نمونەی توێژینەوەکە.

## 2. چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە

### 2. 1 مێدیای کۆمەڵایەتی: پێناسە و ڕەهەندەکانی

مێدیای کۆمەڵایەتی تەنها ئامرازێک نییە بۆ گواستنەوەی زانیاری، بەڵکو ڕێگە بە بەکارهێنەران دەدات ناوەڕۆک دروست بکەن و بڵاوی بکەنەوە. پلاتفۆرمەکانی مێدیای کۆمەڵایەتی هەندێک تایبەتمەندییان هەیە وەک: خێرایی لە بڵاوکردنەوە، بەشدارپێکردنی وەرگر و تێپەڕاندنی سنورە جوگرافییەکان، ئەمەش وای کردووە ببێتە بزوێنەرێکی گەورە بۆ وروژاندنی پرسە جۆراوجۆرەکان لە کۆمەڵگادا.

**مێدیای کۆمەڵایەتی سێ ڕەهەندی سەرەکیی هەیە:**

یەکەم: ڕەهەندی ناوەڕۆک: مێدیای کۆمەڵایەتی بە کۆمەڵێک ئەپڵیکەیشنی سەر ئینتەرنێت پێناسە دەکرێت کە ڕێگە بە دروستکردن و ئاڵوگۆڕی ناوەڕۆکی بەرهەمهاتو لەلایەن بەکارهێنەر دەدات. لێرەدا تاک تەنها وەرگر نییە؛ بەڵکو بەرهەمهێنەر و بڵاوکەرەوەشە .(Kaplan & Haenlein, 2010: 60)

دووەم: ڕەهەندی کارلێککاری (Carr & Hayes, 2015) جەخت لەوە دەکاتەوە کە مێدیای کۆمەڵایەتی ئەو کەناڵە دیجیتاڵیانەن ڕێگە بە تاکەکان دەدەن بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان دواتر (Synchronous or Asynchronous) پەیوەندی بکەن و پەیام ئاڵوگۆڕ بکەن، ئەمەش وای کردووە کاریگەریی مێدیای کۆمەڵایەتی لەسەر تاک چەند هێندە ببێت.

سێیەم: ڕەهەندی تۆڕبەندی: میدیای کۆمەڵایەتی لە بنەڕەتدا جیاوازە لە میدیای تەقلیدی کە بەشداربووەکان ڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ یەکتر دەکەن. لە ڕێگەی ئەم پەیوەندییە دیجیتاڵیانەوە بەکارهێنەران بە شێوەیەکی هاوبەش مانا دروست دەکەن و بەهای بەکۆمەڵ دروستدەکەن، ئەمەش بۆ دامەزراندنی سوری ئەرێنی بەسودە، بۆ ئەوەی توانای گەورەی سۆشیاڵ میدیا بۆ بەردەوامی بەکاربهێنرێت، پێویستە هاوکاری لە نێوان کۆمپانیاکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، توێژەرانی ژینگە و کۆمەڵگادا هەبێت. (Ghermandi et al., 2023: 237) ئەمەش وادەکات تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ببنە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیی بەهێز بۆ بنیاتنانی هۆشیاریی ژینگەیی. پەیوەست بەم توێژینەوەیە مێدیای کۆمەڵایەتی ئەو پلاتفۆرمانەیە کە گەنجان بەکاریاندەهێنن وەک: فەیسبوک، ئینستاگرام، تیکتۆک و سناپچات بۆ وەرگرتنی زانیاریی هەمەجۆر لە ناویشیاندا زانیاریی ژینگەیی .

### 2. 2 هۆشیاریی ژینگەیی(environmental awareness)

هۆشیاریی ژینگەیی ئاماژەیە بۆ ئاستی تێگەیشتن و زانیاریی تاک سەبارەت بە کێشە ژینگەییەکان و پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و سروشت .(Hamid et al., 2017: 475) ئەمە تەنها زانیاریی تیۆری نییە، بەڵکو هەستکردنە بە بەرپرسیاریێتی بەرانبەر بەو مەترسییانەی ڕووبەڕووی ژینگە دەبنەوە. هەروەها هۆشیاریی ژینگەیی گشت ئەو بەرنامە و چالاکیانە دەگرێتەوە کە ئاراستەی خەڵکی دەکرێن، یان ئاراستەی توێژێکی دیاریکراو دەکرێن بەمەبەستی ناساندن و ڕونکردنەوەی چەمکێکی ژینگەیی دیاریکراو بۆ دروستکردنی هەستی بەرپرسیارێتی و بایەخپێدان.(رەبیع، 2014: 96) لەم توێژینەوەیەدا پێوانەی ئەوە دەکەین کە میدیای کۆمەڵایەتی تا چەند زانیاریی ڕاست و دروستی بە گەنجان بەخشیوە سەبارەت بە ژینگە و لێکەوتەکانی، چونکە هۆشیاریی ژینگەیی بە پێشمەرجی ڕەفتاری ژینگەدۆستانە دادەنرێت.

**ڕەهەندە سەرەکییەکانی هۆشیاریی ژینگەیی**

هۆشیاریی ژینگەیی بە واتای تێگەیشتنی تاک لە مەترسییەکانی سەر ژینگە و پێویستیی پاراستنیان دێت. دەتوانین ئەم هۆشیاریە لە سێ ڕەهەندی سەرەکی پۆلێن بکەین:

1. ڕەهەندی مەعریفی: ئەو زانیارییانەی گەنجان لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە دەربارەی پیسبونی ژینگە وەریدەگرن.

2. ڕەهەندی سۆزداری: دروستبونی هەستی خەمخۆری و پەرۆشی بەرانبەر بە سوتانی دارستانەکان یان کەمبونی ئاو و وشکەساڵی.

3. ڕەهەندی ڕەفتاری: ئامادەیی گەنج وەک بەکارهێنەر بۆ ئەنجامدانی کردەیەک بۆ پاراستنی ژینگە.

**هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر هۆشیاریی ژینگەیی گەنجان**

هۆشیاریی ژینگەیی گەنجان لە هەرێمی کوردستان لەژێر کاریگەریی سێ جۆر هۆکاردایە:

یەکەم: هۆکاری پەروەردەیی: ڕۆڵی قوتابخانە و زانکۆکان و ناوەندە پەروەردەییەکان.

دووەم: هۆکاری میدیایی: ئەو ناوەرۆکە دیجیتاڵییەی کە ڕۆژانە گەنج لەڕێگەی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانەوە، پێیدەگات.

سێیەم: هۆکاری واقیعی: بینینی کێشە ژینگەییەکان لە دەوروبەری خۆی (بینینی پاشماوەکان، کەمبونی ئاوی زێ و ڕوبارەکان یان پیسبونی هەوای شارەکان بەهۆی مۆلیدەکانەوە).

### 2. 3 ئاکاری ژینگەیی (environmental ethics)

ئاکاری ژینگەیی باس لە پەیوەندیی ئەخلاقیی نێوان مرۆڤ و دەوروبەرەکەی دەکات. لێرەدا دو ڕوانگە هەن:

1. ڕوانگەی مرۆڤ-سەنتەری :(Anthropocentrism) مرۆڤەکان لە چەقی نیگەرانیی ئەخلاقیدا دادەنێت و سروشت بە پلەی یەکەم وەک سەرچاوەیەک بۆ سودی مرۆڤ سەیر دەکات. واتە پێیوایە ژینگە تەنها بۆ خزمەتی مرۆڤە.

2. ڕوانگەی ژینگە-سەنتەری :(Ecocentrism) ڕەچاوکردنی ئەخلاقی بۆ ئیکۆسیستەمەکان فراوانتر دەکات، جەخت لەسەر بەهای گشت پێکهاتە زیندو و نازیندوەکانی سروشت دەکاتەوە و پێیوایە سروشت بەهایەکی سەربەخۆی هەیە و پاراستنی ئەرکێکی ئەخلاقییە (Frantz et al., 2025: 449) . تێگەیشتن لەم ململانێیە زۆر گرنگە بۆ شیکردنەوەی ئەوەی کە چۆن میدیای کۆمەڵایەتی ڕەنگە بەها ژینگەییەکانی گەنجان لە مرۆڤ سەنتەرییەوە بەرەو ئاراستەی ئیکۆسەنتەری زیاتر بگۆڕێت.

ئەم چەمکە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئایا مرۆڤ تەنها وەک بەکارهێنەر سەیری سروشت دەکات، یان وەک بەشێک لە خۆی؟ لێرەدا ئاکار وەک ڕەفتار دەبینرێت بۆ نمونە: ئایا گەنجێکی بەکارهێنەری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە ژیانی ڕۆژانەیدا پاشماوەکانی فڕێدەدات؟ بەگوێرەی ڕوانگە دەرونییەکان لە لایەنی مەعریفیەوە گەیاندنی ناوەرۆکی پەیامەکان کاریگەری لەسەر ئەو کەسانە بەجێدەهێڵێت کە ڕوبەڕوی ئەو پەیام و ئامرازانە دەبنەوە، هەروەها چۆنیەتیی قەناعەتپێکردنیان بۆئەوەی ئاراستە و زانیاری و بەها و چەشنەکانی ڕەفتاریان بگۆڕێت(الدليمي، 2011: 73)، هەر بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بزانێت ئایا میدیای کۆمەڵایەتی توانیویەتی گەنجی کورد لە دیدگای یەکەمەوە بگوازێتەوە بۆ دیدگای دووەم؟

گرنگترین چەمکی پەیوەست بە ئاکاری ژینگەیی بریتییە لە بەرپرسیارێتیی ئەخلاقی: واتە هەستکردنی گەنج بەوەی کە ئەو بەرپرسە لەو زیانانەی بە ژینگە دەگەن. ئەم ڕەهەندە وا دەکات گەنج لە بری تەماشاکەر ببێتە چالاکوان. میدیای کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی نیشاندانی کارەساتە ژینگەییەکان ئەم هەستە لەناو گەنجاندا دەوروژێنێت. (سکیڤینسکی و هاوکارانی) دو ئاستی بەکارهێنانیان لە سۆشیاڵ میدیادا دەستنیشان کردووە، لە بەکارهێنانی پاسیڤ (وەک سەیرکردن یان خوێندنەوەی ناوەرۆک) تا بەکارهێنانی چالاک (وەک بەرهەمهێنانی ناوەرۆکی ڕەسەن). ئەم ئاستانە نیشانەی پلەی جیاوازی بەشداریکردنن، کە دەتوانن کاریگەرییان لەسەر هەڵوێست و ڕەفتارەکان هەبێت(Peiró-Signes et al., 2025: 2) .

گرنگیی گۆڕینی هۆشیاری بۆ ئاکاری ژینگەیی

زۆرێک لە توێژینەوەکان ئاماژە بە کەلێنی نێوان هۆشیاری و ڕەفتار دەکەن. واتە گەنجەکە دەزانێت ژینگە پیس بووە (هۆشیارە)، بەڵام هێشتا پاشماوە فڕێ دەدات (ئاکاری نییە). لێرەدا گرنگیی ڕۆڵی میدیای کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت، چونکە دەتوانێت فشارێکی کۆمەڵایەتی دروستبکات، کە گەنجان ناچار بکات هۆشیارییەکەیان بگۆڕن بۆ کردار.

### 2. 4 چەمکی گەنج:

هەرچەندە پێناسەی گەنج لە وڵاتێک بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێت، بەڵام بەپێی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان و زۆربەی توێژینەوەکانیش کە لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدراون، تەمەنی گەنجان لە نێوان ١٨-٣٥ ساڵییە، بەڵام پێناسەیەکی یەکلاکەرەوەی نییە، چونکە تێڕوانینی هەریەک لە زانایانی بوارەکانی بایۆلۆژیا، سایکۆلۆژیا و سۆسیۆلۆژیا بۆ پێناسەکردنی ئەم چەمکە، جیاوازە. زۆرینەی توێژەران لەسەر ژمارەیەکی جێگیر بۆ تەمەنی گەنج کۆک نین، هەندێک توێژەر پێیان وایە (17-27)ساڵی قۆناغی گەنجییە، بەڵام هەندێک لە توێژەران 15 ساڵی بە دەستپێکی قۆناغی گەنجی دادەنێن و 30 ساڵی بە کۆتاییەکەی، هەندێکی تریش 16-30 ساڵی دەستنیشان دەکەن (عبدالله، 2022: 9). لەم توێژینەوەیەدا گەنج بەو کەسانە دەوترێت کە تەمەنیان لە نێوان (18 بۆ 35) ساڵدایە، چونکە ئەم تەمەنە چالاکترین بەکارهێنەری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانن لە کوردستان.

### 2. 5 تیۆرییەکانی پەیوەندیدار بە توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە، بۆ شیکردنەوەی ڕۆڵی میدیای کۆمەڵایەتی لە گۆڕینی ئاکاری ژینگەیی گەنجاندا، پشت بە سێ تیۆریی سەرەکی دەبەستێت:

**یەکەم: تیۆریی فێربونی کۆمەڵایەتی(Social Learning Theory)**

ئەم تیۆرییە کە (ئالبێرت باندۆرا) پەرەپێیداوە پێیوایە مرۆڤەکان لە ڕێگەی تێبینیکردن و چاولێکردن لە دەوروبەریانەوە فێری ڕەفتاری نوێ دەبن .(Bandura, 1977) لەم توێژینەوەیەدا ئەم تیۆرییە بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتیی هاندانی گەنجان لە هەرێمی

کوردستان بەکاردێت؛ کاتێک دەبینن کەسایەتییە کاریگەرەکان (ئینفلۆنسەرەکان)، یان هاورێکانیان لە تۆڕی کۆمەڵایەتی سەرقاڵی کاری ژینگەیین، ئەوانیش هاندەدرێن بۆ ئەوەی هەمان ڕەفتار دووبارە بکەنەوە.

**دووەم: تیۆری ڕەفتاری پلاندانراو(Theory of Planned Behavior - TPB)**

ئەم تیۆرییە لە ساڵی (1991 ) لەلایەن ئایسک ئایزن (Icek Ajzen) پسۆڕی دەروونناسیی کۆمەڵایەتی پێشنیاز کراوە، سێ توخمی سەرەکی لەخۆ دەگرێت کە بریتین لە: هەڵوێست، نۆرمە بابەتییەکان و کۆنترۆڵی ڕەفتاری تێگەیشتو، کە هەموویان کاریگەرییەکی بەرچاو لەسەر نییەتی بەکاربەر دادەنێن. هەڵوێستەکان ڕەنگدانەوەی هەڵسەنگاندنی ئەرێنی یان نەرێنیی تاکەکانە بەرانبەر بە ڕەفتارێکی دیاریکراو. بەگوێرەی ئەم تیۆرییە هەڵسوکەوتی ڕاستەقینە لە مەبەستی ڕەفتارەوە دەردەکەوێت، ئەویش بە هەڵوێست و نۆرمە بابەتییەکان و کۆنترۆڵی ڕەفتاری تێگەیشتو کاریگەرە. لە بنەڕەتدا هەرچەندە مەبەستەکە بەهێزتر بێت، ئەگەری ڕوودانی هەڵسوکەوتەکە زیاتر دەبێت . (Yao et al., 2026: 3) لێرەدا مێدیای کۆمەڵایەتی وەک هۆکارێکی بەهێز کاردەکات بۆ گۆڕینی ئاراستەی گەنجان بەرانبەر بە ژینگە و دروستکردنی فشارێکی کۆمەڵایەتیی ئەرێنی، کە وا لە گەنجەکە بکات پاراستنی ژینگە بە ئەرکێکی ئەخلاقی و مۆدێرن ببینێت.

**سێیەم: تیۆری چاندنCultivation Theory**

تیۆری چاندن لە شەستەکانی سەدەی ڕابردو لەلایەن زانای ئەمریکی جۆرج گربنەر دامەزراوە، پێیوایە ئەو کەسانەی کاتێکی زۆر لەبەردەم مێدیادا بەسەردەبەن، وردە وردە وێنەی واقیعیان لێ تێکدەچێت و (واقیعی مێدیایی) وەک (واقیعی ڕاستەقینە) دەبینن. گربنەر (Gerbner,1986) تاقیکردنەوەی ئەنجامدا بۆ سەلماندنی تیۆرییەکەی و بینەرانی تەلەفزیۆنی بەسەر سێ یەکەدا دابەشکرد، بینەران بەڕادەی کەم سەیرکردن (کەمتر لە دو کاتژمێر لە ڕۆژێکدا) بینەران بەڕادەی مامناوەند (دو تا چوار کاتژمێر لە ڕۆژێکدا) و ئەو بینەرانەی زیاتر لە چوار کاتژمێر لە ڕۆژێکدا سەیری تەلەفزیۆن دەکەن (محەمەد، 2020: 36). هەرچەندە ئەم تیۆرییە لەبارەی میدیای نەریتییەوەیە، بەڵام لە ئێستادا میدیای کۆمەڵایەتی بینەر و بەکارهێنەری زیاترە و هەمان سێکوچکەی کارکردنی تەلەفزیۆنی هەیە، کە بریتیە لە نێرەر – پەیام – وەرگر. بۆیە لەم توێژینەوەیەدا ئەم تیۆرییە بۆ شیکردنەوەی بەرکەوتنی درێژخایەنی گەنجانی هەرێمی کوردستان بە ناوەڕۆکە ژینگەییەکانی ناو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەکاردێت، کە وێنەیەکی دیاریکراویان بۆ دروستدەکات سەبارەت بە ژینگەی کوردستان و جیهان .

## 3. توێژینەوەکانی پێشتر(Literature Review)

### 3. 1 خستنەڕوی توێژینەوەکانی پێشتر

توێژینەوەی (ئۆزدەمیر و ئەلقەبانی: 2017) بە ناونیشانی (پەرەپێدانی هۆشیاریی ژینگەیی لەنێو نەوەی گەنجدا بە بەکارهێنانی مێدیای کۆمەڵایەتی: کەیسی "Green It" لە زانکۆی ئیشک). بەهۆی زیادبونی ڕێژەی دانیشتوان و گەشەسەندنی خێرای پیشەسازی، کە کاریگەریی خراپیان لەسەر ژینگە و گۆڕانی کەشوهەوا دروستکردووە، هەروەها پێویستیی بەرزکردنەوەی هۆشیاریی ژینگەیی بەتایبەت لەنێو نەوەی نوێدا لە هەرێمی کوردستان، هۆکاری سەرەکیی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەیە. توێژینەوەکە سودی لە میتۆدی توێژینەوەی کەیس (Case Study) وەرگرتووە لەڕێگەی جێبەجێکردنی کەمپەینێکی هۆشیاری لەسەر پلاتفۆرمی فەیسبوک بۆ ماوەی یەک مانگ. نمونەی توێژینەوەکە لە(35) خوێندکاری قۆناغی سێیەمی بەشی ئەندازیاری کۆمپیوتەر پێکهاتبو، لە زانکۆی ئیشک/تیشک لە شاری هەولێر. بۆ کۆکردنەوەی داتاکان دو پرسیارنامەی (پێش تاقیکردنەوە و پاش تاقیکردنەوە) بەکارهێنراون بۆ پێوانەکردنی گۆڕانکاری لە ئاستی زانیاریی خوێندکاران سەبارەت بە ژینگەی تێکنۆلۆژی. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریانخستووە کە ئاستی هۆشیاریی خوێندکاران پێش کەمپەینەکە تەنها (19%) بووە و دوای کەمپەینەکە تەنها (1%) زیادیکردووە و گەیشتووەتە (2%) ئەمەش دەریدەخات کە مێدیای کۆمەڵایەتی لەو کاتەدا ئامرازێکی بێکاریگەر بووە بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاریی ژینگەیی. سەبارەت بە پلاتفۆرمەکان دەرکەوتووە کە 38%ی خوێندکاران فەیسبوکیان بەلاوە پەسەندترین پلاتفۆرم بووە، بەدوایدا یوتیوب بە ڕێژەی (26% ) و ئینستاگرام بە (17% )هاتوون، بەڵام خاڵی جەوهەریی توێژینەوەکە ئەوە بووە کە (93%)ی بەشداربوان پێیانوابووە مێدیای کۆمەڵایەتی ئامرازێکی کاریگەر نییە بۆ بڵاوکردنەوەی مەعریفەی ژینگەیی و تەنها (7%)ی خوێندکاران بەلایانەوە ئامرازێکی کاریگەربووە. لە توێژینەوەکە دەرکەوتووە کە خوێندکارانی هەرێمی کوردستان میتۆدە پەروەردەییە کلاسیکییەکان (وەک سیمینار و وانەکان) لەپێشتر دادەنێن لە مێدیای کۆمەڵایەتی بۆ وەرگرتنی زانیارییە ژینگەییەکان.

توێژینەوەی (مێنگ و هاوکارانی: 2023) بە ناونیشانی 'کاریگەریی بەرکەوتنی زانیاری ژینگەیی سۆشیاڵ میدیا لەسەر نیەتی بەشداریکردن لە ڕەفتاری ژینگەدۆستانە' لە گۆڤاری (PLOS ONE) بڵاوکراوەتەوە. توێژینەوەی لە کاریگەرییە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکانی زانیارییە ژینگەییەکان کردووە لەسەر خواستی گەنجانی (تەمەن 18-25 ساڵ) بۆ ئەنجامدانی چالاکییە ژینگەییەکان. ئەم توێژینەوەیە بە میتۆدی چەندایەتی ئەنجامدراوە و بۆ کۆکردنەوەی زانیاری سودی لە ڕاپرسی وەرگرتووە و زانیارییەکانی لە بەکارهێنەرە گەنجەکانی چەندین پلاتفۆرمی جیاوازی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە کۆکردووەتەوە. ئەنجامەکان ئەوەیان سەلماندووە، کە بەردەوام بەرکەوتن بە زانیارییە ژینگەییەکان، کاریگەرییەکی ئەرێنیی لەسەر تێڕوانینی تاکەکان بۆ پاراستنی ژینگە و هەستی توانای کۆنترۆڵکردنی ڕەفتارەکان و ویستی ئەنجامدانی کردارەکان هەبوە، لەوانە: دوبارە بەکارهێنانەوە (ڕیسایکلین)، بەکارهێنانی گواستنەوەی گشتی و بەشداریکردن لە گروپە ژینگەییەکاندا. هەروەها دەرکەوتووە کە هۆکارە مەعریفی، دەروونی و سۆزدارییەکان ڕۆڵێکی نێوەندگیری سەرەکییان لەم پێوەندییەدا هەبوە. بە گشتی دەرەنجامەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک کەناڵێکی زانیاریی کاریگەر کار دەکەن کە نەک تەنیا هۆشیاریی ژینگەیی بەرز دەکەنەوە، بەڵکو گەنجان هاندەدەن ئەو هۆشیارییەیان بگۆڕن بۆ هەنگاوی کردەیی بۆ پاراستنی ژینگە.

توێژینەوەی (لیو و هاوکارانی: 2024) بە ناونیشانی کاریگەریی تێگەیشتنی سیاسەتی ژینگەیی و بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا لەسەر ڕەفتاری ژینگەدۆستانە: مۆدێلێکی نێوەندگیری مامناوەند لەسەر بنەمای تیۆری ڕەفتاری پلان بۆ داڕێژراو، کە لە گۆڤاری (Sustainability)بڵاوکراوەتەوە، توێژینەوەی لە ڕۆڵی تێکەڵاوی تێگەیشتنی سیاسەتی ژینگەیی و بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا لە داڕشتنی ڕەفتاری ژینگەدۆستانە کردووە. توێژینەوەکە میتۆدی چەندایەتیی بەکارهێناوە و لەڕێگەی ڕاپرسی زانیاری لە 408 دانیشتوی شاری تیانجینی لە چین کۆکردوە. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریانخستووە کە تێڕوانینی سیاسەتی ژینگەیی کاریگەریی ئەرێنیی لەسەر ڕەفتاری ژینگەدۆستانە هەیە، لەگەڵ هەڵوێست و کۆنترۆڵی ڕەفتاری هەستپێکراوی کە وەک گۆڕاوە نێوەندگیرییە گرنگەکان کاردەکەن. جگە لەوە، دەرکەوتووە کە سۆشیاڵ میدیا نەک تەنها کاریگەریی ڕاستەوخۆی ئەرێنیی لەسەر ڕەفتارەکان هەیە، بەڵکو وەک نێوەندگیرێک لە نێوان تێگەیشتن لە سیاسەت و ڕەفتاری کردەییشدا ڕۆڵ دەگێڕێت.

هەروەها، ڕەگەز و تەمەن وەک هۆکاری مەرجدار (Moderator) کاریگەرییان لەسەر ئەم پەیوەندییە هەبوو. جگە لەوەش، دەرکەوت کە ڕەگەز و تەمەن بە شێوەیەکی ئەرێنی ئەم پەیوەندییە مەرجدار دەکەن. بە گشتی دەرەنجامەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە سۆشیاڵ میدیا بزوێنەرێکی زانیاریبەخش و هاندەرە کە مەودای نێوان هۆشیاری و ڕەفتاری ژینگەدۆستی لە نێو کۆمەڵگەدا کەم دەکاتەوە.

### 3. 2 تاوتوێی توێژینەوەکانی پێشتر(Discussion of Previous Studies)

ئامانج لە خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشتر، سودمەندبونە لە ڕوی تیۆری و میتۆدۆلۆژییەوە، هەروەها بەراوردکردنی دۆزینەوەکانی توێژینەوە هاوشێوەکانە. توێژینەوە بەکارهاتوەکان تیشکدەخەنە سەر هۆکارە جیاوازەکان کە کاریگەرییان لەسەر پەرەپێدانی هۆشیاری و ئاکاری ژینگەیی گەنجان هەیە، کە هاوتەریبە لەگەڵ ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بۆ دیاریکردنی ئەو ئاڵنگارییانەی گەنجانی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕوی دەبنەوە لە گۆڕینی زانیارییە دیجیتاڵییەکان بۆ ئاکارێکی واقیعی. هەروەها خستنەڕوی ئەم توێژینەوانە گەیشتنە بە تێگەیشتنێکی گشتگیر سەبارەت بە گۆڕانکارییەکانی ڕۆڵی مێدیای کۆمەڵایەتی لە پەرەپێدانی هۆشیاری و ئاکاری ژینگەیی لە نێو گەنجاندا. لە بەراوردکردنی ئەم سێ توێژینەوەیەدا چەند ڕەهەندێکی زانستیی گرنگ دەردەکەون:

پەرەسەندنی کاریگەریی مێدیا: لە کاتێکدا توێژینەوەکەی (ئۆزدەمیر و ئەلقەبانی، 2017) لە هەرێمی کوردستان ئاماژە بەوە دەکات کە مێدیای کۆمەڵایەتی (بەتایبەت فەیسبوک) ئامرازێکی بێکاریگەر بووە و تەنها ١٪ ئاستی هۆشیاریی خوێندکارانی زیاد کردووە، توێژینەوە نوێیەکانی وەک (مێنگ و هاوکارانی، 2023) و (لیو و هاوکارانی، 2024) دەرەنجامی پێچەوانەیان ئاشکرا کردووە. دەکرێت هۆکاری ئەم جیاوازییە پەرەسەندنی خێرای تەکنەلۆژیا و گۆڕانی شێوازی ناوەڕۆک بێت، لە مێدیاوە بۆ بینراو و کارلێککار لەم چەند ساڵەی دواییدا، کە وای کردووە مێدیا لە تەنها سەرچاوەیەکی زانیارییەوە ببێتە بزوێنەرێکی بەهێزی ڕەفتار.

پەیوەست بەم بابەتە ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بزانێت ئایا پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا و گۆڕانی جۆری پلاتفۆرمەکان (وەک تیکتۆک و ئینستاگرام) توانیویەتی ئەو بێکاریگەرییەی ڕابردو تێپەڕێنێت و ئاراستەی گەنجانی کورد بەرەو هۆشیارییەکی کارا بگۆڕێت؟ سەبارەت بە کەلێنی نێوان هۆشیاری و ڕەفتار هەر سێ توێژینەوەکە جەخت لەسەر پرسی گۆڕینی (مەعریفە) بۆ (کردار) دەکەنەوە. توێژینەوەکەی زانکۆی ئیشک (2017) دەریخستووە، گەنجانی کورد هێشتا متمانەیان بە ڕێگە کلاسیکییەکان زۆرترە، بەڵام توێژینەوەکەی (مێنگ، 2023) دەیسەلمێنێت بەرکەوتنی بەردەوام بە زانیارییە ژینگەییەکان، دەتوانێت مەودای نێوان تێڕوانین و کرداری ڕاستەقینە کەم بکاتەوە. ئەمە نیشان دەدات کە ئاکاری ژینگەیی تەنها بە زانیاری دروست نابێت، بەڵکو پێویستی بە بەرکەوتنی دوبارە و کارلێککار هەیە کە تەنها لە مێدیای نوێدا فەراهەم دەبێت.

ئێمە لەم توێژینەوەیەدا دەمانەوێت بزانین ئایا بەرکەوتنی دوبارە بە مێدیا توانیویەتی گەنجی کورد لە قۆناغی تەماشاکردن و زانینەوە بگوازێتەوە بۆ قۆناغی کردار و ڕەفتاری ئەخلاقی سەبارەت بە ژینگەکەی کە تێیدا دەژیت؟ سەبارەت بە ڕۆڵی نێوەندگیری هۆکارە دەرونی و سیاسییەکانی توێژینەوەکەی (لیو و هاوکارانی، 2024) ڕەهەندێکی نوێ زیاد دەکات، کە بریتییە لە پەیوەندیی نێوان (سیاسەتی ژینگەیی) و مێدیای کۆمەڵایەتی. ئەم توێژینەوەیە دەریخستووە کە مێدیا وەک نێوەندگیر کار دەکات، واتە کاتێک گەنجان لە مێدیاوە دەربارەی یاسا و سیاسەتە ژینگەییەکان دەبیستن، هەستی کۆنترۆڵکردنی ڕەفتاریان زیاد دەکات. ئەمەش تەواکەری توێژینەوەکەی (مێنگ، 2023)ە، کە جەخت لەسەر هۆکارە سۆزداری و دەرونییەکان دەکاتەوە وەک بزوێنەری ئاکاری ژینگەیی. هەروەها لە ڕوی میتۆدۆلۆژیاوە توێژینەوەکەی کوردستان میتۆدی توێژینەوەی کەیسی (Case Study) بەکارهێناوە بە نمونەیەکی بچوک (35 خوێندکار)، توێژینەوەکانی تر میتۆدی چەندایەتییان بە نمونەی گەورەتر (408 بەشداربو) بەکارهێناوە. ئەمەش وا دەکات ئەنجامەکانیان لە ڕوی زانستییەوە گشتگیرتر بن. جیاواز لە توێژینەوە ناوخۆییەکەی (2017) کە تەنها 35 خوێندکاری گرتبووەوە، توێژینەوەکەی ئێمە میتۆدی چەندایەتی بەکاردەهێنێت بە وەرگرتنی نمونەیەکی گەورەتر و گشتگیرتر لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان. ئەمەش وا دەکات دەرەنجامەکانمان لە ڕوی زانستییەوە باوەڕپێکراوتر بن و وێنەیەکی ڕاستەقینەتر لەسەر ئاراستەی گەنجانی کورد بەرانبەر بە پرسە ژینگەییەکان پێشکەش بکەن.

## 4. چوارچێوەی ڕێککارە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە

میتۆدی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوە بە ئاراستەی چەندایەتی (Quantitative Approach)ئەنجام دراوە، چونکە ڕێگا دەدات گۆڕاوەکان بە شێوەیەکی ئاماری پێوانە بکرێن و ئەنجامەکان بە شێوەیەکی بابەتی و بێلایەن شی بکرێنەوە، ئەم ئاراستەیەش فاکتەرێکە بۆ ئەوەی توێژینەوەکە سەربەخۆ بێت و توێژەر بە هۆی بەکارهێنانی داتا و ئامار بۆ پێوانەکردنی بابەتێکی واقعی بە بێلایەنی بمێنێتەوە. (Mahmood and Anwar,2024: 64). میتۆدی بەکارهاتو لەم توێژینەوەیە، بریتییە لە میتۆدی پەسنیی شیکاری بە ڕێگەی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەنمونە، بە ئامانجی پەسنکردن (وەسفکردن) و پێوانەکردنی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە. ئەمەش لەمیانی جێبەجێکردنی پێوەری تایبەت بە گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە .

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە: کۆمەڵگەی توێژینەوەکە هەرێمی کوردستانە کە پێکهاتووە لە پارێزگاکانی ( هەولێر، سلێمانی، دهۆك، هەڵەبجە) .

٣-٥ نموونەی توێژینەوەکە : نمونەی توێژینەوەکە گەنجانی هەرێمی کوردستانە کە بەشێوەی نمونەی هەڕەمەکی (500) گەنج لەهەر چوار پارێزگاکەی هەرێم وەرگیراوە؛ لە پارێزگاری هەولێر (150) گەنج و لە سلێمانی (150) گەنج ، هاوکات بەپێی پلانی وەرگرتنی نمونە لە هەردو پارێزگای هەڵەبجە و دهۆك (100) گەنج لە هەریەکێکیان وەرگیراوە. (235) گەنج ڕەگەزیان نێرە و (265) گەنجیش ڕەگەزیان مێیە. بڕوانە خشتەی (١).

خشتەی (1)

نموونەی توێژینەوەکە نیشاندەدات

| پارێزگاکان | نێر | مێ | ژمارەی نموونەی | ڕێژەی نمونە |
|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 87 | 63 | 150 | %30 |
| سلێمانی | 54 | 96 | 150 | %30 |
| دهۆك | 43 | 57 | 100 | %20 |
| هەڵەبجە | 51 | 49 | 100 | %20 |
| **کۆی گشتی** | 235 | 265 | 500 | %100 |

## 5. ئامراز و کەرەستە ئامارییەکانی توێژینەوەکە

**پێوەرکانی توێژینەوەکە:** بۆ زانینی " ئاراستەی گەنجان سەبارەت بە ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (مێدیای کۆمەڵایەتی) لە پەرەپێدانی هۆشیاری و ئاکاری ژینگەیی" توێژەران پشتیان بە پێوەرێکی دو ڕەهەندی بەستووە، کە پەیوەستە بە ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە پەرەپێدانی (هۆشیاریی گەنجان) بە سودوەگرتن لە لایەنی تیۆری و

توێژینەوەکانی پێشتر. پێوەرەکە بەشێوەی سەرەتایی (32) بڕگە لە خۆدەگرێت و بەسەر (2) ڕەهەند دابەشبووە کە برتیین لە (ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە پەرەپێدانی (هۆشیاریی ژینگەیی و ئاکاری ژینگەیی). بەجۆرێك ڕەهەندی پەرەپێدانی (هۆشیاریی ژینگەیی) لە (22) بڕگە و ڕەهەندی پەرەپێدانی (ئاکاری ژینگەیی)ش لە (10) بڕگە پێکهاتووە. هەروەها هەردو ڕەهەندەکەش بژاردەکانی لە ( لیگەردی پێنجینەیی) پێکهاتووە، بۆ بڕگە ئەرێنییەکان هێزی بژاردەکان (1,2,3,4,5) بۆ بڕگە نەرێنیەکانیش (5,4,3,2,1). دواتر پێوەرکە بە شێوەی کۆتایی، لەرێگەی گۆگڵ فۆرمەوە، بەسەر (500) گەنج دابەشکراوە.

**تایبەتمەندیيە سایكۆسۆسیۆمەترییەکان بۆ ڕەهەندەکانی پێوەرەکە**

ڕاستێتیی پێوەری توێژینەوەکە: بۆ ڕاستێتیی پێوەرەکانی توێژینەوەکە، توێژەران ڕێگەی ڕاستێتیی بونیادییان بۆ پێوەرەی توێژینەوەکە ئەنجام داوە :

أ- ڕاستێتیی بونیادی - Contract Validity : بۆ ئەو مەبەستەش توێژەران سودیان لە هاوکۆلکەی پێرسۆن وەگرتووە، بە جۆرێك لە ڕەهەندی "هۆشیاریی ژینگەیی" بەگشتی لە (22) بڕگە پێك هاتووە، هەروەها ڕەهەندی " ئاکاری ژینگەیی"ش لە (10) بڕگە پێکهاتووە. وەکو لەخشتەی (2) دەبینرێت: لە ڕەهەندی (هۆشیاریی ژینگەیی) تەواوی بڕگەکان، جگە لە بڕگەکانی (13، 21) پەیوەستێکی بەلگەداریان لەگەڵ کۆی ڕەهەندەکەی هەیە، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە (P-Value<0.05)، بۆیە ئەو برگانەی ئاماژەمان پێکردون دەسرڕدرێنەوە، چونکە (P-Value>0.05). هاوکات لە ڕەهەندی " ئاکاری ژینگەیی "ش تەواوی بڕگەکان کە برتییە لە (10) بڕگە پەیوەستێکی بەلگەداریان لەگەڵ کۆی ڕەهەندەکەی هەیە، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە (P-Value<0.05)، بۆیە تەواوی بڕگەکان وەك خۆیان دەمێنەوە و هیچ بڕگەیەك نەسڕدراوەتەوە.

خشتەی (2)

ڕاستێتی بونیادی پێوەری توێژینەوەکە

| ڕەهەندەکانی پێوەرەکە | بڕگە | پەیوەستی | بڕگە | پەیوەستی | بڕگە | پەیوەستی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە هۆشیاریی ژینگەیی | 1 | 0.721** | 9 | 0.404* | 17 | 0.797** |
| | 2 | 0.405* | 10 | 0.610* | 18 | 0.469** |
| | 3 | 0.645** | 11 | 0.476* | 19 | 0.707** |
| | 4 | 0.632** | 12 | 0.514** | 20 | 0.612** |
| | 5 | 0.507** | 13 | 0.302 | 21 | 0.174 |
| | 6 | 0.423* | 14 | 0.611** | 22 | 0.549* |
| | 7 | 0.788** | 15 | 0.606** | | |
| | 8 | 0.727** | 16 | 0.475** | | |
| ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ئاکاری ژینگەیی ڕۆڵی | 1 | 0.577* | 5 | 0.632** | 9 | 0.617** |
| | 2 | 0.502* | 6 | 0.513** | 10 | 0.464* |
| | 3 | 0.441** | 7 | 0.520** | | |
| | 4 | 0.425* | 8 | 0.473** | | |

****P-Value<0.01 * P-Value<0.05**

جێگیری "Reliability"بۆ پێوەری توێژینەوەکە: توێژەران بۆ جێگیریی پێوەری توێژینەوەکە ڕێگای (Internal Consistency)یان بەکارهێناوە، کە ئاستێکی بەرزی بۆ جێگربونی هەر پێوەرێك هەیە :

-چۆنایەتیی ئیوخۆیی Internal Consistency: -توێژەران بۆ پێوەری توێژینەوەکە سودیان لە هاوکۆلکەی (MCDONALD'S OMEGA ) وەرگرتووە، چونکە پێوەرەکە لە (2) ڕەهەند پێکهاتووە ئەم هاوکۆلکەیش ئاستێکی بەزتر نیشاندەدات بۆ ئەو پێوەرانەی ڕەهەندیان هەیە (Mahmood, et al, 2026 :174) وەك لە خشتەی (3) دەردەکەوێت بەهای ئۆمیگا لە ڕەهەندی(هۆشیاریی ژینگەیی) بریتییە لە (0.831) و لە ڕەهەندی (ئاکاری ژینگەیی)ش برتییە لە (0.748) ئەم بەهایانەش ئاستیکی باشی جێگری نیشاندەدات .

خشتەی (3)

جێگیری بۆ ڕەهەندەکانی پێوەری توێژینەوەکە

| ڕەهەندەکانی پێوەرکە | ژ .بڕگە | Mcdonald's Omega |
|---|---|---|
| هۆشیاری ژینگەیی | 20 | 0.831 |
| ئاکاری ژینگەیی | 10 | 0.748 |

نۆرماڵەتیی داتاکان- " دابەشبونی سروشتی داتاکان"

بۆ دابەشبونی سروشتی داتاکان سودمان لە تاقیکردنەوەی ( Kolmogorov-Smirnov) وەرگرتووە، وەك لە خشتەی (٤) دەردەکەوێت. بەهای تاقیکردنەوەی هەردو پێوەرەکە (p.value > 0.05) ؛ بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین، کە داتا بەدەستهاتووەکان بەشێوەیەکی سروشتی دابەشبوون، بەمەش دەتوانین سود لە ئامارە پارامەترییەکان وەربگرین و گشتاندن بۆ ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی توێژینەوەکە بکەین.

خشتەی (4)

دابەشبونی سروشتی داتاکان نیشاندەدات

| ڕەهەندەکانی پێوەرکە | -Smirnov.K | Normality |
|---|---|---|
| ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە هۆشیاریی ژینگەیی | 2000. | ✓نۆرماڵە |
| ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ئاکاری ژینگەیی | 1760. | ✓نۆرماڵە |

## 6. گفتوگۆکردنی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بەپێی ئامانجەکانی توێژینەوەکە

یەکەم: پێوانەکردنی ئاراستەی گەنجان سەبارەت بە ڕۆڵی سۆشیاڵ میدیا (مێدیای کۆمەڵایەتی)، لە پەرەپێدانی هۆشیاری و ئاکاری ژینگەیی بە شێوەیەکی گشتی:

بەمەبەستی پێوانەکردنی ئاراستەی گەنجان سەبارەت بە ڕۆڵی سۆشیاڵ میدیا (مێدیای کۆمەڵایەتی)، لە پەرەپێدانی هۆشیاری و ئاکاری ژینگەیی بە شێوەیەکی گشتی توێژەران سودیان لە ئاماری پەسنی وەرگرتووە، وەك لە خشتەی (٥) دەرکەوتووە :

ئاراستەی گەنجان سەبارەت بە ڕۆڵی سۆشیاڵ میدیا (مێدیای کۆمەڵایەتی) لە پەرەپێدانی هۆشیاری و ئاکاری ژینگەیی بە شێوەیەکی گشتی لە ئاستێکی بەرزدایە، چونکە ناوەندی سەنگکراوی گشتی (3.58) بووە بە لادانی پێوەری (0.49)، کە بەگوێرەی پێوەری دیاریکردنی ئاستەکان لە بازنەی (3.41 – 4.20) داکەوێت. ئەمەش ئاماژەیە بەوەی گەنجان باوەڕیان وایە سۆشیاڵ میدیا کاریگەرییەکی گرنگ و بەرچاوی لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و هاندان بۆ ڕەفتار و ئاکارە ژینگەییە باشەکان هەیە.

- هەروەها لە ڕوی ڕیزبەندی ڕەهەندەکانەوە، ڕەهەندی (هۆشیاریی ژینگەیی) بە ناوەندی سەنگکراوی (3.64) و لادانی پێوەری (0.51) پلەی یەکەمی وەرگرتووە و لە ئاستی «زۆر بەرز» دایە. ئەم ئەنجامە وا دەردەخات کە سۆشیاڵ میدیا لە زیادکردنی زانیاری و تێگەیشتنی گەنجان سەبارەت بە کێشە و مەترسییە ژینگەییەکان، وەک

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp528-539

پیسبونی ژینگە، گۆڕانی کەشوهەوا، پاراستنی سەرچاوە سروشتییەکان و گرنگیی بەردەوامی ژینگە، ڕۆڵێکی کارا دەبینێت.

لە هەمان کاتدا، ڕەهەندی (ئاکاری ژینگەیی) بە ناوەندی سەنگکراوی (3.47) و لادانی پێوەری (0.58) هەرچەندە پلەی دووەمی وەرگرتووە، بەڵام ئەویش لە ئاستی «زۆر بەرز» دایە. ئەمەش ئاماژەیە بەوەی کە سۆشیاڵ میدیا تەنها لە ئاستی زانیاری و هۆشیارکردنەوەدا نەماوەتەوە؛ بەڵکو هاندەرێکی گرنگ بووە بۆ گەشەپێدانی هەندێک ڕەفتاری ژینگەپارێزانە، وەک کەمکردنەوەی بەکارهێنانی مادده زیانبەخشەکان، پاراستن و پاکوخاوێنیی ژینگە و بەشداری لە چالاکیە ژینگەییەکان.

هەروەها نزمبونی لادانی پێوەری بۆ هەردو ڕەهەندەکە (0.51 و 0.58)، ئاماژەیە بۆ نزیکبونی وەڵامەکانی تاکەکانی نمونە و بونی هاوڕاییەکی باش لەنێوانیاندا سەبارەت بە کاریگەریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بوارە ژینگەییەکاندا. بۆیە دەتوانرێت بگوترێت کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک یەکێک لە گرنگترین ئامرازەکانی پەیوەندی و ڕاگەیاندن، ڕۆڵێکی بەرچاوی لە پەرەپێدانی هۆشیاریی ژینگەیی و ئاراستەکردنی ڕەفتاری گەنجان بۆ هەڵسوکەوتی ژینگەپارێزانە هەیە، ئەمەش دەتوانێت لە دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی هۆشیارتر و بەرپرسیارتر بەرانبەر ژینگە، بەشداربێت .

خشتەی ژمارە (5)

ئاراستەی گەنجان سەبارەت بە ڕۆڵی سۆشیاڵ میدیا (مێدیای کۆمەڵایەتی) لە پەرەپێدانی هۆشیاری و ئاکاری ژینگەیی بە شێوەیەکی گشتی نیشاندەدات

| ڕەهەندەکان | نزمترین نمرە | بەرزترین نمرە | ناوەندی سەنگکراو | لادانی پێوەری | ئاست بەگوێرەی بژاردەکان | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە هۆشیاریی ژینگەیی | 1.65 | 5 | 3.64 | 0.51 | زۆر بەرز | 1 |
| ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ئاکاری ژینگەیی | 1 | 5 | 3.47 | 0.58 | زۆر بەرز | 3 |
| **بە گشتی** | 1.67 | 5 | 3.58 | 0.49 | زۆر بەرز | 2 |

دیاریکردنی ئاستەکان بەگوێرەی بژاردەکان( 1- 1.80 زۆر نزم) (1.81 – 2.60 نزم ) ( 3.40 -2.61 ناوەند) (3.41 – 4.20 بەرز ) ( 4.21- 5 زۆر بەرز). (Khdir et al, 2025 :387).

بە گشتی، ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن کە سۆشیاڵ میدیا لە ژیانی گەنجاندا بووەتە یەکێک لە گرنگترین ئامرازەکانی فێربون و ئاگاداربونەوە لە بابەتە ژینگەییەکان و ڕۆڵێکی بەرچاوی لە دروستکردنی هۆشیاریی ژینگەیی و هاندان بۆ هەڵسوکەوتی ژینگەپارێزانە هەیە. ئەمەش وا دەکات سۆشیاڵ میدیا وەک ئامرازێکی گرنگ بۆ بڵاوکردنەوەی کەلتوری پاراستنی ژینگە و بەرزکردنەوەی بەرپرسیاریەتیی ژینگەیی لەنێو گەنجاندا سەیر بکرێت .

دووەم: دەرخستنی ڕۆڵی گۆڕاوی ڕەگەز لەسەر ئەنجامی توێژینەوەکە:

بە مەبەستی دەرهێنانی ڕۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافیی ڕەگەز لەسەر ڕەهەندەکان لای نمونەی توێژینەوەکە، توێژەران سودیان لە تاقیکردنەوەی (t) بۆ دو نمونەی سەربەخۆ (Independent Samples t-test)وەرگرت، کە تێدا ناوەندی ژمێرەی ڕەگەزی نێر و مێ پێکەوە بەراورد دەکرێت. وەکو لە خشتەی (6) دەردەکەوێت: هیچ جیاوازییەکی ئاماری بەڵگەدار لەنێوان ڕەگەزی نێر و مێ، سەبارەت بە ڕۆڵی سۆشیاڵ میدیا لە پەرەپێدانی هۆشیاری و ئاکاری ژینگەیی، نییە. ئەمەش بە هۆی ئەوەی بەهای (p-value)بۆ هەمو ڕەهەندەکان و ئاستی گشتی لە (0.05) گەورەترە، هەروەها بەهای (t) دەرهێنراو لە بەهای (t) خشتەیی کەمترە.

لە ڕەهەندی هۆشیاریی ژینگەییدا، ناوەندی ژمێرەیی نێران (3.64) و ناوەندی ژمێرەیی مێیان (3.63) بووە. ئەم جیاوازییە زۆر بچوکە و تەنها بە قەدەر (0.01) خاڵە، کە وایکردووە بەهای (t=0.191) و (p=0.864) بێتەدەست. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە هەردو ڕەگەز بە شێوەیەکی زۆر نزیک لە یەکسان، ڕۆڵی سۆشیاڵ میدیایان لە بەرزکردنەوەی هۆشیاریی ژینگەییدا هەڵسەنگاندووە.

هەروەها لە ڕەهەندی ئاکاری ژینگەییدا، ناوەندی ژمێرەیی نێران (3.46) و مێیان (3.48) بووە، کە جیاوازییەکە تەنها (0.02) خاڵە. لەبەر ئەوە بەهای (t=0.300) و (p=0.763)هاتووەتەدەست، کە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ڕەگەز کاریگەرییەکی بەڵگەداری لەسەر بۆچونی گەنجان بەرانبەر کاریگەریی سۆشیاڵ میدیا لە گۆڕینی ئاکار و هەڵسوکەوتە ژینگەییەکاندا نییە.

لە ئاستی گشتیشدا، ناوەندی ژمێرەیی هەردو گروپ بە تەواوی یەکسانە و بە (3.58) گەیشتووە، کە بەهای (t=0.014) و (p=0.989) لێکەوتووەتەوە. ئەم ئەنجامە بە شێوەیەکی زۆر ڕون پشتڕاستی دەکاتەوە کە جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لەنێوان هەردو ڕەگەزی نێر و مێدا نییە.

خشتەی ژمارە(6)

ئاراستەی ڕەگەزی "نێر و مێ" سەبارەت بە ڕۆڵی سۆشیاڵ میدیا (مێدیای کۆمەڵایەتی) لە پەرەپێدانی هۆشیاری و ئاکاری ژینگەیی نیشاندەدات.

| پێوەر | گۆڕاو | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | p-value | بەهای (ت) دەرهێنراو | بەهای (ت) خشتەیی | بەڵگەداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هۆشیاریی ژینگەیی | نێر | 3.64 | 0.52 | 0.864 | 0.191 | 1.964 | بەڵگەدار نییە |
| | مێ | 3.63 | 0.51 | | | | |
| ئاکاری ژینگەیی | نێر | 3.46 | 0.58 | 0.763 | 0.300 | 1.964 | بەڵگەدار نییە |
| | مێ | 3.48 | 0.60 | | | | |
| بەگشتی | نێر | 3.58 | 0.49 | 0.989 | 0.014 | 1.964 | بەڵگەدار نییە |
| | مێ | 3.58 | 0.50 | | | | |
| N= 500 | | نێر = 235 | | | مێ = 265 | | DF = 498 |

ئەم ئەنجامە دەتوانرێت بە چەند هۆکارێکی زانستی و کۆمەڵایەتی ڕونبکرێتەوە:

یەکەم: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئامرازێکی گشتگیرە و ناوەڕۆکەکانی بۆ هەردو ڕەگەز بە شێوەیەکی هاوشێوە دەگات، بەتایبەت لە نێو گەنجاندا، کە بە شێوەیەکی بەردەوام بەکارهێنەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن. لەبەر ئەوە زانیاری و پەیامە ژینگەییەکان بە شێوەیەکی نزیک لە یەکسان لەلایەن هەردو ڕەگەزی نێر و مێ وەردەگیرێن و کاریگەرییان لەسەر دروستدەبێت.

دووەم: بابەتە ژینگەییەکان سروشتێکی مرۆیی و گشتییان هەیە و گرێدراوی تایبەتمەندییە ڕەگەزییەکان نین. واتە کێشەکانی وەک پیسبونی ژینگە، گۆڕانی کەشوهەوا، کەمیی سەرچاوە سروشتییەکان و مەترسیە ژینگەییەکان، هەردو ڕەگەز بە یەکسان

کاریگەرییان لەسەر وەردەگرن، بۆیە لە هەڵوێست و هەستکردن بە گرنگیی ئەم بابەتانەدا جیاوازییەکی ئەوتۆ دروستنابێت.

سێیەم: ئەم ئەنجامە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە لە کۆمەڵگەی ئێستادا دەرفەتی دەستگەیشتن بە زانیاری و ناوەڕۆکی دیجیتاڵی بۆ هەردو ڕەگەز زیاتر لە پێشتر هاوسەنگ بووە، کە ئەمەش بووەتە هۆی نزیکبونەوەی ئاستی هۆشیاری و تێڕوانینیان سەبارەت بە بابەتە ژینگەییەکان.

لە کۆتاییدا ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن کە گۆڕاوی دیمۆگرافیی ڕەگەز هۆکارێکی کاریگەر نییە لە دیاریکردنی بۆچون و هەڵسەنگاندنی گەنجان سەبارەت بە ڕۆڵی سۆشیاڵ میدیا لە پەرەپێدانی هۆشیاری و ئاکاری ژینگەیی، بەڵکو کاریگەریی سۆشیاڵ میدیا لەسەر هەردو ڕەگەز بە شێوەیەکی نزیک لە یەکسان دەرکەوتووە.

سێیەم- ئاراستەی گەنجان سەبارەت بە ڕۆڵی (مێدیای کۆمەڵایەتی) لە پەرەپێدانی هۆشیاری و ئاکاری ژینگەیی بەپێی گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبون لە پارێزگاکانی (هەولێر ، سلێمانی، دهۆك، هەڵەبجە) .

بۆ گەیشتن بەو ئامانجەش توێژەران سودیان لە تاقیکردنەوەی ئەنۆڤا (One-Way ANOVA)وەرگرت کە بۆ دەرهێنانی جیاوازیی نێوان سێ گروپ و زیاتر بەکاردێت.

وەك لە خشتەی (7) دەرکەوتووە: ئەنجامەکانی خشتەی (7) پیشاندەدەن کە جیاوازییەکی ئاماری بەڵگەدار لەنێوان ئاراستەی گەنجان سەبارەت بە ڕۆڵی سۆشیاڵ میدیا لە پەرەپێدانی هۆشیاری و ئاکاری ژینگەیی بە پێی گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبوون (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە) هەیە، چونکە بەهای (F) لە هەردو ڕەهەندەکەدا لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) کەمترە p=0.005) بۆ هۆشیاریی ژینگەیی (p= 0.005) بۆ ئاکاری ژینگەییش .(p= 0.026)

لە ڕەهەندی هۆشیاریی ژینگەییدا، ناوەندە ژمێرەییەکان پیشاندەدەن کە پارێزگای هەڵەبجە بەرزترین ناوەندی ژمێرەیی هەیە (3.93)، پاشان دهۆک (3.68)، سلێمانی (3.64) و هەولێر (3.59). ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە گەنجانی هەڵەبجە زیاتر لەوانی تر هەست بە کاریگەریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بەرزکردنەوەی هۆشیاریی ژینگەیی دەکەن. ئەم جیاوازییە دەتوانرێت بە هۆکارە کۆمەڵایەتی و ژینگەییە تایبەتییەکانی هەر ناوچەیەک ڕونبکرێتەوە، وەک بەرزیی ئاستی ئاگاداریی ژینگەیی، نزیکی بە کێشە ژینگەییەکان، یان جیاوازی لە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ مەبەستی زانیاری و هۆشیاری.

هەروەها لە ڕەهەندی ئاکاری ژینگەییدا، ئەنجامەکان پیشاندەدەن کە هەڵەبجە (3.66) و دهۆک (3.71) پلەی بەرزتر هەیە بەراورد بە سلێمانی (3.48) و هەولێر (3.43). ئەمەش ئاماژەیە بۆ بونی جیاوازی لە ئاستی هەڵسوکەوت و کرداری ژینگەپارێزانە لەنێوان پارێزگاکاندا، کە سۆشیاڵ میدیا لە هەندێک ناوچەدا کاریگەرییەکی بەهێزتر لە گۆڕینی ڕەفتار نیشاندەدات.

لە ڕوی شیکارییە ئامارییەکانەوە، بەهای (F-test) بۆ هۆشیاریی ژینگەیی (4.406) و بۆ ئاکاری ژینگەیی (3.124) دەریدەخات کە جیاوازییەکان تەنها هەستپێکراو و هەڕەمەکی نین، بەڵکو لە ئاستی زانستیی بەڵگەدارن. ئەمەش واتە گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبون کاریگەریی لە دیاریکردنی ئاراستەی گەنجان سەبارەت بە ڕۆڵی سۆشیاڵ میدیا لە بوارە ژینگەییەکاندا هەیە .

خشتەی ژمارە (7)

ڕۆڵی مێدیای کۆمەڵایەتی لە پەرەپێدانی هۆشیاری و ئاکاری ژینگەیی بەپێی گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبون دەخاتەڕو

| ڕەهەندەکان | گروپەکان | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەها (ف) F-test | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە هۆشیاریی ژینگەیی | پ. هەولێر | 150 | 3.59 | 0.48 | 4.406 | 0.005 |
| | پ.سلێمانی | 150 | 3.64 | 0.58 | | |
| | پ. دهۆك | 100 | 3.68 | 0.53 | | |
| | پ. هەڵەبجە | 100 | 3.93 | 0.62 | | |
| ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ئاکاری ژینگەیی | پ. هەولێر | 150 | 3.43 | 0.58 | 3.124 | 0.026 |
| | پ.سلێمانی | 150 | 3.48 | 0.58 | | |
| | پ. دهۆك | 100 | 3.71 | 0.58 | | |
| | پ. هەڵەبجە | 100 | 3.66 | 0.65 | | |

وەک لە خشتەی سەرەوە دەردەکەوێت؛ جیاوازیی نێوان پارێزگاکان دەتوانرێت بە هۆکاری جیاوازیی کەلتوری، ئابوری، ئاستی پەروەردەی ژینگەیی، و چەندێتیی بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا لە هەر ناوچەیەک ڕونبکرێتەوە. هەروەها نزیکی یان دوریی گەنجان لە بابەتە ژینگەییەکان (وەک مەترسیە ژینگەییەکان، پیسبونی شارەکان، یان بڕیارە ژینگەییەکان)، دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ لە زیادکردنی هۆشیاری و گۆڕینی ئاکارە ژینگەییەکاندا بگێڕێت. بۆیە سۆشیاڵ میدیا وەک هۆکارێکی هاوبەش لەگەڵ هۆکارە ناوچەییەکان لە هەر پارێزگایەکدا، کاریگەریی جیاواز دەنوێنێت.

هەروەها دەتوانین ئەم جیاوازییە بۆ ئەوەش بگەڕێنینەوە کە دو پارێزگای (هەڵەبجە و دهۆک) زۆرترین شوێنی سروشتیی گەشتیارییان هەیە و گەشتیارێکی زۆر و بەتایبەتی گەشتیاری ناکورد ڕوی تێدەکەن، زۆر جاریش بە هۆی پابەندنەبونی گەشتیاران بە ئیتیکی گەشتیاری دەبنە هۆی زیان گەیاندن بە ناوچە گەشتیارییەکان و ژینگەکەی، بۆیە دەکرێت ئەوان هەستیارتر بن بەرانبەر ژینگەکەیان و هەروەها ناوەرۆکی مێدیایی زیاتر لە سەر ئەو ناوچانە بڵاو بکرێتەوە بەمەبەستی هۆشیاریی ژینگەیی .

چوارەم: دەرخستنی پەیوەندیی نێوان هۆشیاریی ژینگەیی و ئاکاری ژینگەیی لای نمونەی توێژینەوەکە:

توێژەران هەوڵیانداوە ئاست و ئاراستەی پەیوەندیی نێوان گۆڕاوی ڕەهەندەکانی هۆشیاریی ژینگەیی و ئاکاری ژینگەیی لای نمونەی توێژینەوەکە بزانن، ئەمەش دوای ئەنجامدان و دڵنیابون لە تەواوی مەرجەکانی هەردو گۆڕاوەکە، تاقیکردنەوەی هاوکۆلکەی پەیوەندیی نێوان گۆڕاوەکانیان ئەنجامدا، وەك لە خشتەی (٨) دا دەرکەوتووە : پەیوەندییەکی ئەرێنی و بەهێز لەنێوان هۆشیاریی ژینگەیی و ئاکاری ژینگەیی لای نمونەی توێژینەوەکە هەیە، چونکە بەهای هاوکۆلکەی پەیوەندی (Pearson Correlation)گەیشتووە بە ($r = 0.668^{**}$) کە لە ئاستی بەڵگەداری (0.01) بە تەواوی بەڵگەدارە.(p = 0.001)

ئەم ئەنجامە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و بەهێز لەنێوان دو گۆڕاوەکەدا هەیە، بە واتای ئەوەی کە هەر کاتێک ئاستی هۆشیاریی ژینگەیی لای

گەنجان بەرزتر دەبێت، ئاستی ئاکاری ژینگەییش بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکات، و بە پێچەوانەشەوە کەمبونی هۆشیاری دەبێتە هۆی لاوازبونی ئاکاری ژینگەیی. ئەم پەیوەندییە بەهێزە پشتڕاستی ئەو تیۆرییە دەکاتەوە کە هۆشیاری بنەمای سەرەکیی دروستبونی ئاکارە. واتە پێویستە یەکەم جار تاک، تێگەیشتن و ئاگاداریی لە بابەتە ژینگەییەکان هەبێت، تا بتوانێت بە شێوەیەکی کرداری هەڵسوکەوتی ژینگەپارێزانە نیشانبدات.

هەروەها، بونی بەڵگەداری ئاماری (p = 0.001) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ئەم پەیوەندییە تەنها ڕوداوێکی هەڕەمەکی نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی ڕاستەقینە و زانستییە. ژمارەی نمونە (N = 500) ش پشتڕاستی دەکاتەوە کە ئەنجامەکان بە توانای گشتییەوە دەتوانرێن لەسەر گەنجانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بگوازرێنەوە.

خشتەی (8)

دەرخستنی پەیوەندیی نێوان هۆشیاریی ژینگەیی و ئاکاری ژینگەیی لای نمونەی توێژینەوەکە

| | ڕەهەندەکان | ئاکاری ژینگەیی |
|---|---|---|
| | Pearson Correlation | r.0.668** |
| هۆشیاریی ژینگەیی | ئاستی بەڵگەداری | 0.001 |
| | ژمارەی نمونە | 500 |

بە گشتی دەتوانرێت بگوترێت هۆشیاریی ژینگەیی یەکێکە لە گرنگترین پێشبینیکارەکانی ئاکاری ژینگەیی، هەروەها ئەم ئەنجامە گرنگیی پەروەردەی ژینگەیی، ڕۆڵی سۆشیاڵ میدیا و بەرنامە فێرکارییەکان لە بەرزکردنەوەی هەردو گۆڕاوەکە پشتڕاست دەکاتەوە، بە تایبەتی لە نێو گەنجاندا کە توێژێکی گرنگن بۆ دروستکردنی داهاتویەکی ژینگەپارێزتر.

## 7. بەراوردی توێژینەوەکانی پێشتر لەگەڵ ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە

لە ڕێگەی بەراوردکردنی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشتر چەند خاڵێکی گرنگ و زانستی دەردەکەون:

-گۆڕانی ڕادیکاڵی لە ڕۆڵی میدیا لە هەرێمی کوردستان: گەورەترین جیاوازی لە نێوان ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە و توێژینەوەکەی (ئۆزدەمیر و ئەلقەبانی: 2017) دەردەکەوێت. لە کاتێکدا توێژینەوەکەی ساڵی 2017 ئاماژەی بەوە کردبو کە میدیای کۆمەڵایەتی تەنها (1%) کاریگەریی هەبوە و ئامرازێکی بێدەسەڵات بووە، ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە پێچەوانەکەی دەسەلمێنن و دەریدەخەن کاریگەریی میدیا گەیشتووەتە ئاستی زۆر بەرز (58.3). ئەم گۆڕانکارییە پشتڕاستی ئەو گریمانەیە دەکاتەوە کە لەم ساڵانەی دواییدا، بەهۆی گۆڕانی جۆری پلاتفۆرمەکان (لە فەیسبوکەوە بۆ تیکتۆک و ئینستاگرام) و ناوەرۆکی بینراو، میدیای کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان لە قۆناغی بێکاریگەری تێپەڕیوە و بووەتە بزوێنەری سەرەکیی هۆشیاریی ژینگەیی.

-کەمکردنەوەی کەلێنی نێوان هۆشیاری و ڕەفتار: توێژینەوەکەی (مێنگ و هاوکارانی، 2023) ئاماژەی بەوە کردبو بەرکەوتنی بەردەوام بە زانیارییەکان، دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی مەودای نێوان (زانین) و (کردار). ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەی ئێمەش هاوتەریبن لەگەڵ ئەو ئەنجامانە، چونکە پەیوەندییەکی ئەرێنی بەهێزمان (r = 0.668) لە نێوان هۆشیاری و ئاکاردا بۆ دەرکەوتووە. ئەمە دەریدەخات گەنجی کورد تەنها زانیاری وەرناگرێت؛ بەڵکو توانیویەتی ئەو زانیارییانە بگۆڕێت بۆ ئاکاری ژینگەیی، ئەمەش پێشکەوتنێکی بەرچاوە بەراورد بەو ئەنجامە کلاسیکییەی کە لە توێژینەوەکەی 2017دا ئاماژەی پێ کرابو.

-متمانە و هەستی کۆنترۆڵکردنی ڕەفتار: توێژینەوەکەی (لیو و هاوکارانی: 2024) باسی لەوە کردبو میدیا وەک نێوەندگیرێک هەستی کۆنترۆڵکردنی ڕەفتار لای گەنجان زیاد دەکات، ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی ئێمەش بەتایبەت لە پارێزگاکانی هەڵەبجە و دهۆک، کە ئاستی ئاکار و هۆشیارییان زۆر بەرزبووە، دەکرێت بەم شێوەیە لێک بدرێتەوە کە گەنجانی ئەو ناوچانە لە ڕێگەی میدیاوە زیاتر هەست بە بەرپرسیاریەتی و توانای گۆڕانکاری دەکەن، کە ئەمەش هاوتەریبە لەگەڵ دەرەنجامەکانی (لیو: 2024) سەبارەت بە ڕۆڵی نێوەندگیری میدیا.

-بەهێزیی میتۆدۆلۆژی و گشتاندن: یەکێک لە خاڵە جەوهەرییەکانی بەراوردکارییەکە لایەنی میتۆدۆلۆژییە. توێژینەوە ناوخۆییەکەی 2017 تەنها 35 خوێندکاری گرتووەتەوە (Case Study)، بەڵام ئەم توێژینەوەیە بە وەرگرتنی نمونەیەکی گەورە (500 گەنج) لە چوار پارێزگای جیاواز، نەک تەنها ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی 2017 تێدەپەڕێنێت، بەڵکو لە ڕوی زانستی و ژمارەی نمونەوە لە توێژینەوەکانی (مێنگ، 2023 کە 408 کەس بووە) و (لیو، 2024) گشتگیرتر و بەهێزترە. ئەمەش وادەکات دەرەنجامەکانی ئێمە بۆ کۆمەڵگەی کوردی متمانەپێکراوتر بن.

کەواتە ئەم توێژینەوەیە دەیسەلمێنێت کە گەنجانی هەرێمی کوردستان لە قۆناغی بەکارهێنەری سادەی میدیاوە گواستراونەتەوە بۆ قۆناغی کاریگەربون بە میدیا، بۆ گۆڕینی ڕەفتارە ژینگەییەکان. ئەمەش ئەو کەلێنە زانستییە پڕ دەکاتەوە کە لە توێژینەوە ناوخۆییەکانی پێشتردا هەبو و هاوتەریبییەکی تەواو لەگەڵ نوێترین توێژینەوە جیهانییەکان (2023 و 2024) نیشاندەدات.

## 8. شیکردنەوەی ئەنجامەکان لە ژێر ڕۆشنایی تیۆرییەکارهاتووەکانی توێژینەوەکە

ئەنجامە ئامارییەکانی ئەم توێژینەوەیە بە ڕونی پشتڕاستی ئەو چوارچێوە تیۆرییانە دەکەنەوە کە توێژەران پشتیان پێ بەستون بەم شێوەیەی خوارەوە:

**1. تیۆریی فێربونی کۆمەڵایەتی (Social Learning Theory) و مۆدێلکردنی ڕەفتار**

ئەنجامەکان دەریانخستووە ڕەهەندی (ئاکاری ژینگەیی) ئاستێکی زۆر بەرزی بەدەستهێناوە (3.47). ئەمە لەگەڵ تیۆرییەکەی باندۆرادا یەکدەگرێتەوە، چونکە گەنجانی هەرێم لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تەنها زانیاری وەرناگرن، بەڵکو تێبینی (Observation)دەکەن.کاتێک گەنجێک دەبینێت ئینفلوێنسەرێک یان هاوڕێیەکی لە سناپچات یان ئینستاگرام یان فەیسبوک چالاکییەکی ژینگەپارێزی ئەنجام دەدات، سۆشیاڵ میدیا وەک ئامرازێکی فێربون کار دەکات و هانی دەدات بۆ ئەنجامدانی هەمان ڕەفتار. نەبونی جیاوازی لە نێوان نێر و مێدا لە ئەنجامەکانماندا، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە پرۆسەی چاولێکردن و مۆدێلکردنی ڕەفتار لە جیهانی دیجیتاڵیدا بە شێوەیەکی گشتگیر کار لە هەردو ڕەگەز دەکات.

**2. تیۆریی ڕەفتاری پلاندانراو (TPB) و گۆڕینی نییەت بۆ کردار**

ئەم تیۆرییەی ئایزن جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، هەڵوێست دەبێتە بزوێنەری ڕەفتار. لە توێژینەوەکەماندا، پەیوەندییەکی ئەرێنیی بەهێز (r = 0.668) لە نێوان (هۆشیاری) و (ئاکار) دۆزرایەوە. ئەمە دەیسەلمێنێت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان توانیویەتی نۆرمە بابەتییەکان (Subjective Norms) بگۆڕێت. واتە پاراستنی ژینگەی لە بابەتێکی پەراوێزخراوەوە گۆڕیوە بۆ مۆدێلێکی مۆدێرن و ئەرکێکی ئەخلاقی لای گەنجی کورد. کاتێک ئاستی هۆشیاری بەرزدەبێتەوە، وەک لە ئەنجامەکاندا دیارە (3.64)، گەنجەکە هەستدەکات کە دەتوانێت ڕەفتارەکەی کۆنترۆڵ بکات، ئەمەش پاڵنەرە بۆ ئەوەی نیەتە ژینگەییەکانی بکاتە کرداری واقیعی.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp528-539

### 3. تیۆریی چاندن (Cultivation Theory) و دروستبوونی واقیعی ژینگەیی

هەرچەندە جۆرج گێربنەر (Gerbner) لە سەرەتادا ئەم تیۆرییەی بۆ تەلەفزیۆن داناوە، بەڵام ئەنجامە بەرزەکانی ئەم توێژینەوەیە دەریدەخەن کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان جۆرێک لە چاندنی درێژخایەنی بۆ گەنجانی هەرێمی کوردستان کردووە. تیۆریی چاندن جەخت لەسەر ماوەی مانەوەی تاکەکان لەسەر ئامرازەکانی میدیا دەکاتەوە؛ بەپێی دابەشکارییەکەی گێربنەر بۆ کاتی بەرکەوتن، یان چڕیی مانەوە لەسەر میدیا Heavy) (Useدەبێتە هۆی گۆڕینی هەڵوێستی تاکەکان و دروستکردنی باوەڕێک کە ئەوەی لە میدیادا دەگوزەرێت هاوشێوەی جیهانی ڕاستەقینەیە.

لەم سۆنگەیەوە، بەرکەوتنی بەردەوام و چڕیی گەنجان بە ناوەڕۆکی ژینگەیی (وەک ڤیدیۆی گۆڕانی کەشوهەوا و وێنەی پیسبوونی شارەکان)، وای کردووە واقیعی ژینگەیی لە مێشکیاندا بچەسپێت و وەک ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر وەریبگرن. ئەم لێکدانەوەیە بە تەواوی لەگەڵ بەرزبوونی نمرەکانی پارێزگاکانی هەڵەبجە و دهۆکدا دێتەوە؛ بە جۆرێک کە گەنجانی ئەو ناوچانە، بەهۆی تایبەتمەندی و هەستیاریی جوگرافیی ناوچەکەیانەوە، کات و ماوەی زیاتر بەدیار پەیام و ناوەڕۆکە ژینگەییەکانەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەسەردەبەن .(Heavy Users) ئەم مانەوە چڕەش وای کردووە وێنەیەکی ڕوونتر، کاریگەرتر و نزیکتر لە واقیعی ڕاستەقینە دەربارەی مەترسییە ژینگەییەکان لە مێشکیاندا بچێنرێت.

### 9. دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە

لە میانی ئەو ئەنجامانەی کە لە لایەنی مەیدانیی توێژینەوەکە کۆکراوەتەوە و شیکردنەوەی ئاماریی بۆ کراوە بە چەند دەرئەنجامێک دەگەین بریتین لەوەی:

1. ئەنجامەکان وا پیشاندەدەن ئاراستەی گەنجان سەبارەت بە ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە پەرەپێدانی هۆشیاری و ئاکاری ژینگەیی بە شێوەیەکی گشتی لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە، ئەمەش دەتوانرێت بەو هۆکارە ڕوونبکرێتەوە کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بونەتە سەرچاوەیەکی سەرەکی و خێرا بۆ دەستگەیشتن بە زانیاریی ژینگەیی لای گەنجان، واتە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی کارا و کاریگەریان لە پەرەپێدانی هۆشیاری و ئاکاری ژینگەیی لای گەنجانی هەرێمی کوردستان هەیە.

2. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییان زیاتر لەسەر هۆشیاریی ژینگەیی هەیە بەراورد بە ئاکاری ژینگەیی، ئەمەش بۆ خێرایی و ئاسانیی پرۆسەی گواستنەوەی زانیاری و دروستکردنی ئاگاداری دەگەڕێتەوە، بەڵام گۆڕینی هەڵسوکەوت پێویستی بە هۆکاری کۆمەڵایەتی، کەلتوری و ئابوریی زیاتر هەیە، لەوانە فشاری کۆمەڵگە، نەریتەکان، یاسا و سیستەمی پەروەردە.

3. نەبونی هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری سەبارەت بە کاریگەریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بابەتە ژینگەییەکان، لە نێوان نێر و مێدا، دەریدەخات پەیامە ژینگەییەکان لە جیهانی دیجیتاڵیدا بە یەکسانی کاردەکەنە سەر هەردو ڕەگەز. ئەمەش دەتوانرێت بەوە ڕوونبکرێتەوە کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی گشتی بۆ هەردو ڕەگەز بە هەمان شێوەیە، هەروەها بابەتە ژینگەییەکان سروشتێکی هاوبەش و گشتییان هەیە و پەیوەندییان بە تایبەتمەندیی ڕەگەزەوە نییە .

4. گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبون کاریگەریی بەڵگەداری هەیە، ئەمەش دەتوانرێت بە جیاوازی لە ئاستی پەروەردە، ئاستی ئاگاداریی ژینگەیی و دەستگەیشتن بە زانیاری و جیاوازی لە تێکەڵبونی کۆمەڵایەتی لە هەر پارێزگایەک ڕوونبکرێتەوە؛ بەتایبەتی هەندێک ناوچە وەک هەڵەبجە و دهۆک کە نزیکترن لە بابەتە ژینگەییەکان، گەنجانی ئەم دو پارێزگایە بەراورد بە گەنجانی هەولێر و سلێمانی، زیاتر هەستیان بە کاریگەریی سۆشیاڵ میدیا کردووە بۆ پەرەپێدانی هۆشیاری و ئاکاری ژینگەیی.

5. پەیوەندییەکی بەهێز و ئەرێنی لەنێوان هۆشیاریی ژینگەیی و ئاکاری ژینگەییدا هەیە، ئەمەش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هۆشیاری سەرەکییە بۆ دروستبونی ئاکار. ئەمەش دەیسەلمێنێت کاتێک تاک ئاگاداریی باشی هەبێت، ئاسانتر دەتوانێت کردەی ژینگەپارێزانە نیشانبدات.

### 10.پێشنیازەکانی توێژینەوەکە

1. پێویستە دامەزراوە پەیوەندیدارەکان بەرنامەیەکی ستراتیژی دابنێن بۆ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی ئاراستەکراو بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاریی ژینگەیی، چونکە لە ئەنجامەکان دەردەکەوێت کە میدیا کاریگەریی بەرچاوی هەیە .

2. گرنگە وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک کەرەستەی پەروەردەیی و ئامرازێکی تەواوکاری بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامە ژینگەییەکان بەکاربهێنن و پێویستە لە سیستەمی پەروەردەدا فێرکردنی بابەتە ژینگەییەکان بە شێوەیەکی کرداری، پەیوەست بە ژیانی ڕۆژانە بکرێت، نەک تەنها بە شێوەی تیۆری، چونکە گۆڕینی هۆشیاری بە تەنیا بەس نییە بۆ گۆڕینی ئاکار .

3. گرنگە میدیا و دامەزراوە فێرکارییەکان گرنگی بە ناوەڕۆکی ڕەفتاری بدەن؛ لەبەر ئەوەی ئاستی ئاکار لە هۆشیاری بەرزترە. هەروەها پێویستە چالاکوانانی ژینگە و لایەنە پەیوەندیدارەکان لە سۆشیاڵ میدیا زیاتر تیشک بخەنە سەر چۆنیەتیی کرداری پاراستن و گرنگیدان بە کێشە ژینگەییەکان نەک تەنها بڵاوکردنەوەی زانیاریی گشتی.

4. گرنگە حکومەت و ڕێکخراوەکان پاڵپشتیی ئەو گەنجانە بکەن کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ناوەڕۆکی ژینگەیی دروستدەکەن، چونکە دەرکەوتووە کاریگەرییان لەسەر هاوتەمەنەکانیان زۆرە.

5. پێویستە بەرنامەکان بە شێوەی ناوچەیی ئاراستە بکرێن، چونکە ئەنجامەکان پیشاندەدەن جیاوازیی ناوچەیی هەیە لە گرنگیدان بە ژینگە، بۆیە یەکجۆر چالاکی و ڕێنمایی بۆ هەمو پارێزگاکان بە شێوەیەکی یەکسان گونجاو نییە.

### سەرچاوەکان

ڕەبیع، عادل مشعان (2014). وەرگێرانی ئەحمەد عەلی ئەحمەد، هۆشیاری ژینگەیی، چاپخانەی کەمال، چاپی یەکەم.

عەبدوڵا، کوێستان علی (2022). بەجیهانی بوونی کلتور و کاریگەری لەسەر ناسنامەی گەنج، تێزی دکتۆرا-بڵاونەکراوە.

محەممەد، بەشدار حوسێن (2020). کۆمەڵناسی ڕاگەیاندن، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاکردنەوەی موکریان.

McLeod, S. (2025, October 16). *Albert Bandura's Social Learning Theory In Psychology*. Simply sychology. https://www.simplypsychology.org/bandura.html

Boyd, D. M., & Ellison, N. B. (2007). Social network sites: Definition, history, and scholarship. *Journal of Computer-Mediated Communication*, 13(1), 210-230.

Carr, C. T., & Hayes, R. A. (2015). Social Media: Defining an Integrative Term. *Communication Methods and Measures*, 9(1-2), 46-65.

Gerbner, G., Gross, L., Morgan, M., & Signorielli, N. (1986). Living with television: The dynamics of the cultivation process. *Perspectives on media effects*, 17-40.

Hamid, S., Ijab, M. T., Sulaiman, H., Anwar, R. M., & Norman, A. A. (2017). Social media for environmental awareness: A systematic review. *International Journal of Interactive Mobile Technologies (iJIM)*, 11(4), 111-122.

Huang, H. (2016). Media use, environmental beliefs, self-efficacy, and pro-environmental behavior. *Journal of Business Research*, 69(6), 2206-2212.

Kaplan, A. M., & Haenlein, M. (2010). Users of the world, unite! The challenges and opportunities of Social Media. *Business Horizons*, 53(1), 59-68. https://doi.org/10.1016/j.bushor.2009.09.003

Ghermandi, A., Langemeyer, J., Van Berkel, D., Calcagni, F., Depietri, Y., Egarter Vigl, L., Fox, N., Havinga, I., Jäger, H., Kaiser, N., Karasov, O., McPhearson, T., Podschun, S., Ruiz-Frau, A., Sinclair, M., Venohr, M., & Wood, S. A. (2023). Social media data for environmental sustainability: A critical review of opportunities, threats, and ethical use. *One Earth*, *6*(3), 236–250. https://doi.org/10.1016/j.oneear.2023.02.008

Frantz, P., Rego, F., & Barbas, S. (2025). Ecocentrism vs. Anthropocentrism: To the Core of the Dilemma to Overcome It. *The Linacre Quarterly*. https://doi.org/10.1177/00243639251339844

Peiró-Signes, Á., Biondo, A., Sakka, G., Borsellino, V., & Galati, A. (2025). Exposure to social media pro-environmental campaigns and its impact on Generation Z's commitment to environmental sustainability actions. *Sustainable Futures*, *10*, 101320. https://doi.org/10.1016/j.sftr.2025.101320

Liao, S. (2024). Exploring social media determinants in fostering pro-environmental behavior: Insights from social impact theory and the theory of planned behavior. *Frontiers in Psychology*, *15*, 1445549. https://doi.org/10.3389/fpsyg.2024.1445549

Kristofferson, K., White, K., & Peloza, J. (2014). The nature of slacktivism: How the social observability of an initial act of token support affects subsequent prosocial action. *Journal of Consumer Research*, *40*(6), 1149–1166. https://doi.org/10.1086/674137

Sharma, R., Singh, G., & Sharma, S. (2024). Role of global media and social media in raising environmental issues. *ResearchGate*. https://www.researchgate.net/publication/380419300

Liu, M., Shi, Z., & Zhang, Z. (2024). How Environmental Policy Perception and Social Media Use Impact Pro-Environmental Behavior: A Moderated Mediation Model Based on the Theory of Planned Behavior. *Sustainability*, *16*(17), 7587. https://doi.org/10.3390/su16177587

Yao, Y., Xu, H., & Song, H. (2026). Factors Influencing Enterprises' Willingness to Upcycle Secondhand Clothing Based on the Theory of Planned Behavior (TPB). Sustainability, 18(7), 3525. https://doi.org/10.3390/su18073525

Mahmood, D. O., Khdir, M. R. and Khdir, P. A. (2026) "Emotional Intelligence and Its Relationship to Quality of Life among University Students: A Field Study at Salahaddin, Sulaimani, and Raparin Universities", *KOYA UNIVERSITY JOURNAL OF HUMANITIES AND SOCIAL SCIENCES*, 9(1), pp. 167–180. **DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp167-180 .

Mahmood, D. O. and Anwar, B. H. (2024) "The Relationship Between Frustration and Forms of Violence Among Young People: From the Perspective Frustration Theories "Albert Cohen" And 'John Dollard'", *KOYA UNIVERSITY JOURNAL OF HUMANITIES AND SOCIAL SCIENCES*, 7(2), pp. 58–72. **DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp58-72.

Khdir, P. A., Mahmood, D. O. and Omer, R. K. (2025) "Social Trust and Self-Confidence Among University Students: Field Research at Raperin University", *KOYA UNIVERSITY JOURNAL OF HUMANITIES AND SOCIAL SCIENCES*, 8(1), pp. 379–392. **DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp379-392 .

## اتجاهات شباب حكومة إقليم كردستان نحو دور وسائل التواصل الاجتماعي في تنمية الوعي البيئي والأخلاقي

**ملخص**

في ظل التطور السريع لمنصات التواصل الاجتماعي وتحولها إلى قوة توجيهية مؤثرة، أصبحت قضية حماية البيئة واحدة من أهم القضايا العالمية وإحدى الأهداف الـ١٧ للأمم المتحدة للتنمية المستدامة، والتي تتطلب وعياً جماعياً. من هذا المنطلق، تهدف هذه الدراسة إلى تحديد دور شبكات التواصل الاجتماعي في تطوير الوعي والسلوك البيئي لدى الشباب في إقليم كوردستان. ولتحقيق هذا الهدف، اعتمدت الدراسة على المنهج الكمي (Quantitative Approach) والمنهج الوصفي التحليلي لضمان الحياد العلمي. جُمعت البيانات باستخدام مقياس خاص على عينة عشوائية مكونة من (500) شاب وشابة من أربع محافظات في إقليم كوردستان، شملت (235) ذكراً و(265) أنثى .أظهرت النتائج أن اتجاهات الشباب نحو دور شبكات التواصل الاجتماعي في تطوير الوعي والسلوك البيئي كانت بمستوى عالٍ جداً. كما تبين أن شبكات التواصل الاجتماعي تؤثر على "الوعي" بشكل أكبر مقارنة بـ "السلوك البيئي"، نظراً لأن تغيير السلوك يتطلب عوامل ثقافية واقتصادية أعمق. وأوضحت النتائج عدم وجود فروق ذات دلالة إحصائية بين الذكور والإناث، في حين كان لمتغير مكان الإقامة تأثير واضح؛ حيث كان الشباب في محافظتي دهوك وحلبجة أكثر شعوراً بتأثير وسائل التواصل الاجتماعي مقارنة بأربيل والسليمانية. وفي الختام، لُوحظ وجود علاقة قوية وإيجابية بين الوعي والسلوك البيئي. توصي الدراسة المؤسسات الحكومية والوزارات التعليمية بتطوير نماذج تربوية حديثة عبر

وسائل التواصل الاجتماعي، والتركيز بشكل أكبر على المحتوى العملي ودعم صناع المحتوى البيئي، مع مراعاة الاختلافات والاحتياجات المحلية لكل محافظة.

**الكلمات المفتاحية :**الشبكات الاجتماعية، الوعي البيئي، الأخلاقيات البيئية، علم اجتماع الإعلام ، نظرية التعلم الاجتماعي.

**Kurdistan Regional Government Youth's Orientation towards the Role of Social Media in Developing Environmental Awareness and Ethics**

**ABSTRACT**

In light of the rapid development of social media networks and their transformation into an influential guiding force, the issue of environmental protection has become one of the most critical global concerns and is embedded within the United Nations' 17 Sustainable Development Goals (SDGs), requiring collective awareness. From this perspective, this study aims to determine the role of social networks in developing environmental awareness and behavior among youth in the Kurdistan Region. To achieve this objective, the study adopts a quantitative approach and a descriptive-analytical method utilizing a social survey sample to maintain scientific objectivity. Data were collected via a specialized scale from a random sample consisting of (500) young individuals across four provinces of the Kurdistan Region, including (235) males and (265) females. The results indicated that youth attitudes toward the role of social networks in promoting environmental awareness and behavior are at a very high level. Social networks were found to have a greater impact on "awareness" compared to "environmental behavior," as behavioral change requires deeper cultural and economic factors. Furthermore, the study revealed no statistically significant differences between males and females, whereas the residential location variable showed a notable effect; specifically, youth in Duhok and Halabja perceived the impact of social media more strongly than those in Erbil and Sulaymaniah. Finally, a strong and positive correlation was observed between environmental awareness and behavior. The study recommends that government institutions and educational ministries develop modern educational frameworks through social media, focus more on practical content, and support environmental content creators, while taking into account the regional variations and local needs of each province.

KEYWORDS**:** Social Networks, Environmental Awareness, Environmental Behavior, Sociology of Media, Social Learning Theory.